Folkhälsomyndigheten

LÄKEMEDELSVERKET
MEDICAL PRODUCTS AGENCY

FOLKHÄLSOMYNDIGHETEN 2015 VERSION 2

نامەیەکی زانیاریی لەبارەی کڕین بۆ کۆنترۆڵ ئاراستەی کاسبکاران کراوە کە ئەلکوهوول، تووتن و دەرمانی بێ ڕەچەتە ئەفرۆشن. نامەکە زانیاریی لەسەر ئەوە ئەدات کە کڕین بۆ کۆنترۆڵ چییە و باس لەوە ئەکات کە شارەوانی لەوانەیە ئەم جۆرە چاودێرییە جێبەجێ بکات، هەروەها جەخت لەسەر گرنگی ئەوە ئەکات کە کاسبکاران ڕۆتیناتیان بۆ کۆنترۆڵکردنی سنووری تەمەن هەبێت.

# کڕین بۆ کۆنترۆڵ لەسەر بیرەی فۆڵک (بیرەی سووک)، تووتن و دەرمانی بێ ڕەچەتە

## زانیاریی بۆ تۆ کە بیرەی فۆڵک، تووتن و دەرمان

**بەپێی بڕیارەکانی یاسای ئەلکوهوول(٢٠١٠:١٦٢٢)، یاسای تووتن (١٩٩٣:٥٨١)و یاسای (٢٠٠٩:٧٣٠) لەسەر بازرگانی بە هەندێکی دیاریکراو لە دەرمانی بێ ڕەچەتە، ئەوا شارەوانی ئەتوانێت بیرەی فۆڵک، تووتن و دەرمانی بێ ڕەچەتە بۆ کڕین بۆ کۆنترۆڵ بکات. لەم پەڕەی زانیارییەدا باس لەوە ئەکەین کە کڕین بۆ کۆنترۆڵ مانای چییە بۆ تۆ، کە بیرەی فۆڵک، کەرەسەی تووتن و دەرمانی بێ ڕەچەتە ئەفرۆشیت.**

### کڕین بۆ کۆنترۆڵ چییە؟

کڕینێک بۆ کۆنترۆل، مانای ئەوەیە کە کەسێک لەسەرو ١٨ ساڵان بە سیمایەکی لاوانەوە، بەتاقی ئەکاتەوە تا بزانێت ئایا ئەکرێت بیرەی فۆڵک، تووتن یان دەرمان بەبێ پێناسنامە بکرێت.

### بۆچی ڕێساگەل لەسەر کڕین بۆ کۆنترۆڵ هەن؟

یاسا دەرفەتێکی باشتر بە شارەوانی ئەدات، کە فەرمانگەی چاودێرییە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەوەی کە ئایا فرۆشیاری بیرەی فۆڵک و کاڵای تووتن خۆی لەوە دڵنیا ئەکاتەوە کە کڕیار ١٨ ساڵانی پڕکردۆتەوە. هەمان شت بۆ دەرمانیش برەوی هەیە، چونکە شارەوانی فەرمانگەی کۆنترۆڵە.

### سنووری تەمەن و کۆنترۆڵی تەمەن

بەپێی یاسای ئەلکوهوول، یاسای تووتن و یاسای بازرگانی بە هەندێکی دیاریکراو لە دەرمانی بێ ڕەچەتە، نابێت بیرەی فۆڵک، تووتن و دەرمانی بێ ڕەچەتە، بە دەرمانی نیکۆتینیشەوە، نە بفرۆشرێت نە ڕادەستی کەسێک بکرێت کە لەژێر ١٨ ساڵانەوەیە. ئەوەی کە کاڵاکە ڕادەست ئەکات ئەبێت خۆی لەوە دڵنیا بکاتەوە کە کڕیارەکە ١٨ ساڵانی پڕکردۆتەوە. ئاسانترین شێوە بۆ خۆ دڵنیاکردنەوە لەوەی کە کڕیارەکە ١٨ ساڵانی پڕکردۆتەوە، بەوە ئەکرێت کە داوای پێناسنامەی لێ بکرێت. ئەگەر فرۆشیار دوودڵە لەوەی کە کڕیار ١٨ ساڵانی پڕکردۆتەوە، ئەوا فرۆشیار ئەبێت داوای پێناسنامە بکات. ئەگەر کڕیار پێناسنامەی نەبێت یان مل نەدا پێناسنامە نیشان بدات، نابێت کڕیارەکە بیرەی فۆڵک، تووتن یان دەرمان بکڕێت.

**بیرت بێت کە** زانیاریی بە کارمەندەکانت بدەیت لەبارەی ئەوەی کە ئێوە لەوانەیە لەلایەن کەسێکەوە کە بەکاری کڕین بۆ کۆنترۆڵ هەڵئەستێت سەردانتان بکات!

### ئایا شارەوانی چۆن کڕین بۆ کۆنترۆڵ ئەکات؟

کڕین بۆ کۆنترۆڵ شێوازێکە کە شارەوانی بۆی هەیە لە چاودێریدا بەکاری بهێنێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەوەی کە ئەو کەسەی کە بیرەی فۆڵک، تووتن یان دەرمان لە ووردەفرۆشیدا ئەکڕێت، هاوکات لەگەڵ فرۆشتنەکەدا، خۆی دڵنیابکاتەوە لەوەی کە ئەو کەسەی کاڵاکە ئەکڕێت گەیشتبێتە تەمەنی دروست.

ئەنجامەکەی کڕین بۆ کۆنترۆڵ ئەبێت وەک زەمینە بەکاربهێنرێت بۆ هێنانەدی

گوتوبێژ(دیالۆگ) لە نێوان شارەوانی و ئەوەی کە کاڵاکە ئەفرۆشێت. شارەوانی مافدارە کە کڕین بۆ کۆنترۆڵ جێبەجێ بکات بەبێ ئەوەی پێش خۆی باس لەوە بکات. بەڵام لە لایەکی ترەوە شارەوانی ئەبێت بە زووترین کات دوای کڕینەکەی کە بۆ کۆنترۆڵە، بە تۆی کاسبکار ڕابگەیەنێت کە کڕینێک بۆ کۆنترۆڵ کراوە و ئەنجامەکەشی بڵێت.

کڕینێک بۆ کۆنترۆڵ نابێت لەلایەن شارەوانیەوە وەک زەمینەیەک بۆ هەنگاونانێکی بەڕێوەبردن دژی کاسبکارێک بەکاربهێنرێت. ئەمە مانای ئەوەیە کە شارەوانی بۆ نموونە، نابێت ڕاگەیاندن بە تۆی کاسبکار بدات کە فرۆشتن قەدەخەیە لەبەر هۆکاری ئەوەی کە کڕین بۆ کۆنترۆڵ هاتۆتەپێش. پتر لەسەر ئەمە لە نامیلکەی کڕین بۆ کۆنترۆڵ بخوێنەوە کە بۆ فرەزۆر زمانی تر وەرگێڕدراوە:

http://www.folkhalsomyndigheten.se/publicerat-material/
publikationer/Kontrollkop

## بۆچی کڕین بۆ کۆنترۆڵ پێویستە؟

زوربەی ئەوانەی کە بیرەی فۆڵک، تووتن و دەرمان ئەفرۆشن باشن لەوەدا کە زانیاریی بدەن و تابلۆی هۆشداری لەسەر سنووری تەمەن بە ١٨ ساڵان هەڵئەواسن، بەڵام ڕۆتیناتەکانی کۆنترۆڵکردنی تەمەن ئەکرێت باشتر بێت. کڕین بۆ کۆنترۆڵکردن شێوازێکی باشە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەمە و کۆمەکی تۆ وەک کاسبکار ئەکات بۆ چاکترکردنی ڕۆتیناتەکانت هەروەها ڕاگرتنی سنووری تەمەن. شارەوانی ئەتوانێت لەکاتی گوتوبێژی دوای کڕین بۆ کۆنترۆڵکردن، خۆی لەوە دڵنیا بکاتەوە کە تۆ و کارمەندانت لە ڕێسا و یاساکەی ئەم بابەتە و هۆکاری پەرەپێدانی گەیشتوون، کە بۆچی سنوورداری تەمەن بۆ تووتن، بیرەی فۆڵک و دەرمان هەیە. شارەوانی بواری ئەوەشی ئەبێت کە زانیاریی لەسەر مەترسیەکانی داوانەکردنی پێناسنامە ئەدات. فرۆشتنی بیرەی فۆڵک، تووتن و دەرمان بە یەکێک لەژێر ١٨ ساڵەوە نایاساییە و ئەوەی کاڵاکان ئەفرۆشێت ئەکرێت بە سزای پارەدان یان زیندانی مەحکوم بکرێت.

ئەلکوهوول و تووتن ئالوودەبوون دروست ئەکەن و ئەبنە هۆکاری مەترسی دروستکردن بۆ تەندروستی. سنوورداری کردنی تەمەن دەستکەوتن بۆ لاوان سنووردار ئەکات و ڕێگری لە زوو دەستپێکردوی تازە ئەگرێت. بەکارهێنانی دەرمانی بێ ڕەچەتە کە بە کارئەهێنرێت یان بە هەڵە مامەڵەی لەگەڵ ئەکرێت، ئەکرێت ببێتە هۆکاری زیانخستنەوەی گەورە. لای بازرگانی وردەفرۆش، بێجگە لە دەرمانگە، ئامۆژگاری داوودەرمان بەکارهێنان بۆ لاوان نیە.

بۆیە سنوورداریکردنی تەمەن بۆ باشترکردنی تەندروستی گەلی لە سوید و ڕێگری لە هەڵەبەکارهێنانی دەرمان گرنگە. تۆ کە کاسبکاری، بەرپرسی لە ڕێکخستنی فرۆشتنەکە، بە شێوەیەکی وا کە کڕیاری ژێر ١٨ ساڵان نەتوانێت کاڵاکان بکڕێت.

## کۆنترۆڵی خۆیی کاسبکارەکە

تۆ وەک کاسبکارێک ئەرکباریت کە کۆنترۆڵی فرۆشتنی بیرەی فۆڵک، تووتن و دەرمان بکەیت. ئەمە پێی ئەگوترێت کۆنترۆڵی خۆیی. کۆنترۆڵی خۆیی مانای ئەوەیە کە تۆ پرۆگرامی کۆنترۆڵی خۆییت هەبێت کاتێک کە ئەوە دێتە پێش کە تۆ و کارمەندەکانت کار لەسەر ئەو ڕۆتیناتانە بکەن بۆ ئەوەی لەسەر ڕێساکانی فرۆشتنی ناو یاسا بڕۆن. یەک لە هەرە گرنگیەکانی بوونی ڕۆتین ئەوەیە کە دڵنیابوون لەوەی کە سنووردارکردنی تەمەن بە ١٨ ساڵ بمێنێتەوە. تۆ ئەشبێت ئەو زانیاریی و کۆمەکەی کە کارمەندان پێویستیانە بیان دەیتێ، بۆ ئەوەی بتوانن لە سەر بڕیارەکانی لەمەڕ فرۆشتن بڕۆن.

تۆ ئەتوانیت نموونەمۆدێلی بەرنامەی کۆنترۆڵکردنی خۆیی بۆ بیرەی فۆلک و تووتن لە شارەوانی وەربگریت یان لا ماڵپەڕی فەرمانگەی تەندروستی گەلی یەوە دایبگرەوە:

بەرنامەی کۆنترۆڵی خۆیی بۆ تووتن
http://www.folkhalsomyndigheten.se/amnesomraden/tillsyn-och-
/regelverk/tillsyn-tobak/tillsyn-tobaksforsaljning

بەرنامەی کۆنترۆڵی خۆیی بۆ بیرەی فۆلک
http://www.folkhalsomyndigheten.se
/amnesomraden/tillsyn- och-regelverk/tillsyn-alkohol/folkol

ڕێساویاسا و ڕێنوێنی بۆ بەرنامەی کۆنترۆڵی خۆیی بۆ مامەڵەکردن بە دەرمانی بێ ڕەچەتە لە ماڵپەڕی دەزگای دەوڵەتی دەرمان هەیە:
https://www.lakemedelsverket.se/malgrupp/Apotek--handel
/Receptfritt-i-affarerna/Regler-och-vagledning

بۆ زانیاری پتر پەیوەندیی بە شارەوانیەکەتەوە بکە.

www.folkhalsomyndigheten.se
www.lakemedelsverket.se